www.kurdistannet.org
5-6-2003 21:30

# گومان و دڕەکان

عومەر کەریم بەرزنجی

چارۆکەی گەشتی گومانی ئەم مێژووە
بەبای نغرۆبوون دەشەکێتەوە
ئەی خودی فەنابوو
بەقەدەری بەد گومانی
تۆ لەسەر بەرماڵی یەقینیدا
نوێژی گومان دادەبەستی
لەچاوەی کانی ئەویندا
دەست نوێژی مەرگەوەر دەشۆی
تۆ پردی نێوانی تیغ و برینی
دەستێکت هەتوانەو
زامم سارێژ دەکا
دەستێکت شمشێرەو
گیانم کوناودەر دەکا
لەنێوان کانی ئەوین و
شمشێری جەهل دای
دەتبینم مەمیتو
مەرگەوەر لەرێتا
هەر درك دەروێنێ
شەمیت و وەلی دێ
لەباخی ئەڤیندا
گوڵتان بۆ دەچێنێ
چاوێکت کانیەو
زەمزەمی ئەوینمی تیا ئەزێ
چاوێکت روبارەو
ناهەنگی گومانمی تیائەدوێ
دەتبینم لەنێوان باخ و ئاگردا
باهۆزی نەفرەت هەڵدەکەی
ژووانم دەبێتە خەرابات
خەونیشم دەبێتە سەرابات
ناخودای ئەڤینم بێخودان بزربوو.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org